ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا کێ شایستەترە بۆ ئەوەی کە هاوەڵی چاک بم بەرامبەری؟ فەرمووی: دایکت، پاشان دایکت، پاشان دایکت، پاشان باوکت، پاشان لەوان خوارتر لە ڕووی نزیکی خزمداریيەوە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، و ووتی:ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا کێ شایستەترە بۆ ئەوەی کە هاوەڵی چاک بم بەرامبەری؟ فەرمووی: «دایکت»، ووتی پاش ئەوەی کێ؟ فەرمووی: «دایکت»، ووتی: پاش ئەوەی کێ؟ فەرمووی: «دایکت»، ووتی: پاش ئەو کێ؟ فەرمووی: «باوکت». ولە ریوایەتێکی تردا: (ووترا): ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا کێ شایستەترە بۆ ئەوەی کە چاک هاوەڵ بم بەرامبەری؟ فەرمووی: «دایکت، پاشان دایکت، پاشان دایکت، پاشان باوکت، پاشان لەوان خوارتر لە ڕووی نزیکی خزمداریيەوە».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دایک وباوک مافیان هەیە: بە چاک هاوەڵبوون بەرامبەریان، وگرنگیدان بە ئەرک ومافەکانیان، {وَصَاحِبۡهُمَا فِي ٱلدُّنۡيَا مَعۡرُوفٗا}[لقمان: 15]، واتە: {لە دونیادا زۆر بە چاکی هاوڕێیەتی وهەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکە}، بەڵام مافی دایک لە سەرەوەی مافی باوکە بە چەند پلەیەک، چونکە سێ جار دووپاتیکردەوە لەسەر مافی دایک، هەرچەندە باوک پەروەردە دەکات وخەرجی دەکات، ودایک پەروەردە دەکات خزمەت دەکات وخواردن وپێداویستیەکانی تر ئامادە دەکات. پلەی دایک بەرزترە چونکە لە گەورەکردنی ئەو منداڵە دایک زۆر ماندوویەتی کێشاوە لە هەڵگرتنی لە سکی بۆ ماوەی نۆ مانگ بە لاوازی وناڕەحەتی ولەوەیە تووشی مردن بووبێت بەهۆی ئەو ناڕەحەتی هەڵگرتنەوە، وچەند ساڵێک شیری پێداوە وشەونخونی کردووە وئەمیش بۆ بەرژەوەندی منداڵەکەی ئەگەرچی تووشی ئازاری وناڕەحەتیش بوو بێت، بۆیە خوای گەورە باسی کردووە لە کۆتا وەحی وپەیامی ئاسماندا کە دەفەرموێت: {وَوَصَّيۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيۡهِ إِحۡسَٰنًاۖ حَمَلَتۡهُ أُمُّهُۥ كُرۡهٗا وَوَضَعَتۡهُ كُرۡهٗاۖ وَحَمۡلُهُۥ وَفِصَٰلُهُۥ ثَلَٰثُونَ شَهۡرًاۚ }[الأحقاف: 15]، واتە: {وئێمە ئامۆژگاری ئادەمیمان کرد بە چاکە کردن لەگەڵ دایك وباوکیدا، دایکی بە ناڕەحەتی وئازارەوە هەڵی گرتووە وبە ئازار وناڕەحەتیش بوویەتی، ماوەی دووگیان بوونی (دایك) ولە شیر پرینەوەی (منداڵەکە) سی مانگە}، خودا وەسیەت وئامۆژگاری مرۆڤی کردووە بە چاکەکار بوون بەرامبەر دایک وباوک؛ وباسی هۆکارەکانی تری نەکردووە جگە لە ئازارەکانی دایک نەبێت وئەمەش بەڵگەیە لەسەر مەزنێتی مافی دایک بە سەر ڕۆڵەکانیەوە. ولە چاک هاوەڵی بەرامبەر دایک وباوک خەرج کردنە لەسەریان لە خواردن وخواردنەوە وجل وشوێن وهەموو پێداویستیەکانی تر ئەگەر پێویست بوون، ئەگەر ئەوا لە ژیانێکی مامناوەند دەژیان وتۆش لە ژیانێکی خۆشتر لەوان دەژیایت ئەوا ئەوانیش بەرز بکەرەوە بۆ ئاستی خۆت وپێیان ببەخشە چونکە ئەمەیش لە نیشانەی چاک هاوەڵبوونە. وەکو باسی پێغەمبەر یوسف کاتێک لە گەڵ دایک وباوکی هات وبۆ لای خۆی بەرزیانی کردەوە پاش ئەوەی لە دەشتەوە هاتبوون. وکۆی چاکەکاری بەرامبەر دایک وباوک؛ خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا باسیکردووە کە دەفەرموێت: {وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ وَبِٱلۡوَٰلِدَيۡنِ إِحۡسَٰنًاۚ إِمَّا يَبۡلُغَنَّ عِندَكَ ٱلۡكِبَرَ أَحَدُهُمَآ أَوۡ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُل لَّهُمَآ أُفّٖ وَلَا تَنۡهَرۡهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوۡلٗا كَرِيمٗا (23) وَٱخۡفِضۡ لَهُمَا جَنَاحَ ٱلذُّلِّ مِنَ ٱلرَّحۡمَةِ وَقُل رَّبِّ ٱرۡحَمۡهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيرٗا (24)}[الإسراء]، واتە:{وپەروەردگارت بڕیاریداوە کە هیچ شتێک نەپەرستن بێجگە لە ئەو و لەگەڵ دایک و باوکتان چاکەکار بکەن ئەگەر یەکێکیان (باوکت و دایکت) یان هەردووکیان لای تۆ پیربوون قسەی ناخۆشیان پێ مەڵێن تەنانەت ئەگەر ئۆفیش بێت وتێیان مەخورن و پێیاندا هەڵمەشاخێ (بەڵکو) و وتەی نەرم وشیرینیان (لەگەڵدا) بەکاربێنە (23) باڵی خۆ بەکەمزانین و میهرەبانیان بۆ ڕابخە بڵێ ئەی پەروەردگارم ڕەحمیان پێ بکە هەروەکو چۆن ئەوان منیان پەروەردە کرد بە منداڵی (24)}، زمانی زبر بەرامبەریان بەکارمەهێنە، وئازاریان لێ دوور بخەرەوە، وبا قسەت نەرم ونیان بێت بەرامبەریان، وباڵی سادەییان بۆ ڕابخە، وگوێڕایەڵیان بە لە

چاکەدا بەو پەڕی سادەییەوە، وبا زمانت پاراو بێت بە نزا کردن بۆیان، وبڵێ: { رَّبِّ ٱرۡحَمۡهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيرًا }، واتە:{ ئەی پەروەردگارم ڕەحمیان پێ بکە هەروەکو چۆن ئەوان منیان پەروەردە کرد بە منداڵی}، ولە بیرت نەچێت زیاتر گرنگی بە دایکت بدە ئەمیش بۆ کردەوەکردن وجێبەجێکردنی فەرمایشتەکانی وەحی وگوێڕایەڵ بوون بۆ فەرموودەکان.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4182